# پاش ئاگرکەوتنەوە: سەلامەتی ئاوی خواردنەوەی تایبەتی و خەزانی ئاو

زانیاری کۆمەڵگا

ئەگەر لە ناوچەیەک دەژیت کە تووشی ئاگرکەوتن بووە، لەوانەیە خەزانی ئاوی خواردنەوەت بەهۆی پاشماوەی ئاگرکەوتن، خۆڵەمێش، لاشەی گیانداران و یان گەردیلەی مەوادی دژە ئاگر لە هەوادا، پیس بووبێت.

ئەگەر تامی ئاو، شکڵ و بۆنی تایبەتی هەیە، مەیخۆرەوە و بە ئاژەڵەکانیش مەدە.

ئاوی ڕووبار و چەمەکان بۆ خواردنەوە و بەکارهێنان نابێت مەگەر ئەوە کە بە باشی پاکژ(میکرۆب کوژ) کرابێت.

ئاوێک کە لە بیری قوول وەرگیرابێت شیاوی بەکارهێنانە.

## چۆن بەرگری بکەین لە پیسبوونی خەزانی ئاوی خواردنەوە؟

بەر لە ئاگرکەوتن:

- لە بەستران و توندبوونی دەرگای خەزانەکە دڵنیا بەوە
- کاتێک کە هەست بە مەترسی ئاگرکەوتن دەکەیت ئەو بۆریانەی کە پەیوەنیان بە خەزانەکەوە هەیە جیا بکەوە.

پاش ئاگرکەوتنەکە:

- تەنیا کاتێک بۆرییەکان بە خەزانەکەوە ببەستەو کە سەربانەکەت خاوێنکردبێتەوە و یان باران شۆردبییتەوە.

## ئەگەر بەر لە جیاکردنەوەی بۆرییەکان باران بباریت دەبێ چی بکرێت؟

- بەر لە بەکاهێنانی ئاو سەربان، ئاودان(پلوسک) و ئەگەر بکرێت ناو خەزانەکە بپشکنە تا لە پیسبوونیان دڵنیا بێوە.
- پێویست ناکات ئاوەکە تاقی بکەیەوە چونکە پیسبوونی ئاو بە گشتی نابینرێت.
- ئەگەر ئاوی خەزانەکە پیس بووبێت، تام یان ڕەنگ و بۆنی دەگۆڕدرێت.
- ئاوی پیسبوو نابێ بخورێتەوە و یان بۆ چێشتلینان وبەکاربهێنرێت. ئاوی خواردنەوەت لە سەرچاوەیەکی دیکە دابین بکە.
- ئاوێک کە شیاوی خواردنەوە نییە دەکری بۆ ئاودێری باخچە بەکار بهێنرێت.

## ئەگەر لە خەزانی ئاوی خواردنەوە لاشەی گیاندارم دۆزیوە دەبێ چی بکەم؟

بۆ لابردنی لاشەی گیاندار لە سەربان، لەناو ئاودان و یان خەزانی ئاو، حەتمین دەستکێش لەدەستت بکە. دەستکێشەکان پاش بەکارهێنان فڕی بدە و بەر لە بەکارهێنانی دووبارە، خەزانەکە پاکژ بکە. دەکرێ بە کوڵاندنی یان بەکارهێنانی کلۆر، ئاو پاکژ کرێت.

ئەگەر دەتهەوێت بۆ خواردنەوە ئاوەکە بەکار بێنیت دەبێ ئەوەندە بیکوڵێنیت کە بە بەردەوامی هەڵم بکات و لەناو کترییەکە بڵق دروست بێت. کتری ئۆتۆماتیک بۆ ئەم مەبەستە گونجاون.

بۆ پاکژکردنی خەزانی کلۆر بەپێی ڕێنماییەکانی خوارەوە کار بکە.

بۆ هەر 1000 لیتر ئاوی ناو خەزانەکە دەتوانی:

- 125 میلی لیتر یان 125 گرام سپیکەرەوەی خاوەن کلۆیر 4 لەسەکارهێنانی سپیکەرەوەی خاوەن مەوادی سابوونی و بۆندار)، و یان
- بە نزیکی 40 میلی لیتر یان 40 گرام کلۆری 12.5 لەسەدی کە لە حەوزدا بەکار دەهێنرێت و یان کلۆر کە لە پیشەسازی شیرمەنیدا بەکار دەهێنرێت پێوە زیاد بکەیت .
- هەروەها دەتوانیت 8 میلی لیتر یا 8 گرام تۆزی کلۆری 65 لەسەد تایبەت بە حەوزی پێوە زیاد بکەیت.

VICTORIA State Government | Department of Health

**تێبینی: هەر کەوچکی چای بە نزیکی پێنج گرامە.**

24 کاتژمێر کات پێویستە بۆ ئەوەیکە ئاو بە تەواوی پاکژ کرێتەوە. پاش ئەم ماوەیە دەتوانیت ئاوەکە بەکار بێنیت.

پاش کلۆرلێدان، 24 کاتژمیر پێویستە بۆ ئەوەیکە ئاو بە تەواوی پاکژ کرێتەوە. پاش ئەم ماوەیە دەتوانیت ئاوەکە بەکار بێنیت.

## چەند ماوە پاش ئاگرکەوتنەکە دەتوانم خەزانی ئاوی خواردنەوە بەکار بێنم؟

ئەگەر ئاوی ناو خەزان پیس نەبووە دەتوانیت بەکار بێنیت. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆرییەکان بەر لە خاوێنکردنی سەربان و یان بەر لە بارینی ڕێژەیەکی گەنجاوی باران دیسان مەبەستەوە.

- تەنیا کاتێک کە هەموو تێبینییەکانی سەلامەتیت ڕەچاو کردبێت دەتوانیت کار بکەیت بۆ خاوێنکردنەوەی پاشماوەکان و خۆڵەمێشی سەربان و ناو ئاودانەکان.
- خەزانی ئاوی تۆ پاش ئاگرکەوتنەوە پێویستی بە خاوێنکردنەوە نییە مەگە ئەوە کە بەرێژەیەکی زۆر پیس بووبێت و ئاوی ناو ئەو بەهۆی نزیکی لە مەوادی دژە ئاگر تام و بۆنی نائاسایی هەبێت.
- باشتر ئەوەیە کە بە خاوێنکردنەوەی خەزان، کەسێکی شارەزا بەکار بێنیت. کارکردن لە شوێنی داخراو، مەترسیدارە.

## بۆ زانیاری زیاتر

- بۆ دابینکردنی ئاو یان داواکاری بۆ پسپۆری خاوێنکردنەوەی خەزانەکان، دەتوانی پەیوەندی بکەیت بە environmental health sectionی ئەنجومەنی شاری خۆت.
- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئاگرکەوتنەوە لە ویلایەتی ڤیکتوریا، پەیوەندی بکە بە ژمارە تەلەفۆنی 667 240 1800 تایبەت بە سیستەمی ڕاگەیاندنی ئاگرکەوتنەوەی ڤیکتۆریا.
- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئاگرکەوتنەوە و تەندروستی گشتی، دەتوانی سەردانی ناملیکەکانی زانیاری بکەیت لە یەکەی تەندروستی ناوچەیی Department of Health بە ناونیشانی خوارەوە:

https://www2.health.vic.gov.au/public-health/environmental-health/climate-weather-and-public-health/bushfires-and-public-health

مۆڵەتی چاپ و بڵاوکردنەوە لە ویلایەتی ڤیکتوریا، Treasury Place, Melbourne
© ویلایەتی ویکتۆریا، Department of Health, 2021 شوباتی.